# شڵەقاندنی گۆمی بێدەنگی

سادق رۆژ

سەرکەوتنی ئەحمەدی نیژادی فەندەمینتالیست لە نۆیەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماریی ئێران، شەپۆلێکی نوێی سەرکوت و توندو تیژی لەکوردستان بەدیاری هێنا. سەرۆك کۆماری نوێ بەشێوەیەکی پراتیکی بەکوشت و برِ و چاوتۆقاندن یەکەم بەڵێنەکانی لەزووترین کاتدا بەجێ هێناو بەئاگر و گوللە بەپیر داخوازە رەوا و دیموکراتەکانی گەلەوە چوو. راوەستەکردن لەسەر ئەحمەدی نیژاد و گرێدانی نائارامییەکانی دوایی کوردستان بە سیاسەتە نوێیەکانی ئەم کابرایە، پێویستە و هاوکات جێگەی سەرنج و تێرامانە، چوونکە ئەحمەدی نیژاد وەك ژەنەراڵێکی شەرِ خاوەن کارنامەیەکی رەشە لەکوردستان و گەلی کورد و بزاڤەکەی بیرەوەرییەکی خۆشیان سەبارەت بەو لەمێشك دا نییە. بەتایبەت کە دەست تێدابوونی لەتیرۆری رێبەرانی هەڵبژاردە شەهید د.قاسملوو و د.شەرەفکەندی بەڵگەنەویستە. بایکۆت کردنی هەڵبژاردنەکان لەلایەن جەماوەرانی خەڵکی کوردستان کە لەبێ هیوایی بەگۆڕینی رژێمەوە سەرچاوەی دەگرت، لەلایەکیشەوە پەیوەندی راستەوخۆی بەسەرجەم ئەو کاندیدانەی سەرۆك کۆمارییەوە هەبوو کە هەر یەکەو بە شێوەیەك کوردستانی کردبۆە مەیدانی تەراتێنی خۆی. بەو بشێوییەی کەوا چەندین هەفتەیە بەردەوام دەکات، روون بۆوە کە گەلی کورد لەنیگەرانییەکی بێهودە دا نەبووەو بەباشی ماهییەت و لۆژیکی سەرانی کۆماری ئێرانی لەچوارچێوەی رژێمی ئیسلامی دا خوێندۆتەوە.

وێرای ئەو نارەزایەتییەی بۆ یەکەمجار لەشاری مەهاباد و بەشەهیدکردنی شوانە قادری و ئیهانەکردن بەتەرمەکەی لەلایەن بەکرێگیراوانی رژێم تەقییەوە و دواتر تەوژمی ئەو جم و جوڵە شارەکانی دەوروبەریشی گرتەوە، سەرچاوەکانی هەواڵ رایانگەیاند کە لەنێوان گەریلاکانی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان و هێزەکانی رژێم شەرِ و پێکدادان رووی داوە. لەئەنجامی شەرِ و پێکدادانەکاندا کە لەچەند شوێنێکی وەك مەریوان، نەغەدە، ورمێ، مەهاباد، پیرانشارو .. رویان داوە، وێرای ئەوەی زەبرێکی گەورەی مادی و گیانی لەرژێم کەوتوە، چەند گەریلایەکی پارتی ژیانی ئازادیش شەهید کەوتوون.

پەرەسەندنی گوشارو زەخت و زۆری سەر گەلی کورد لەرۆژهەلاتی کوردستان و تێکۆشانەکەی لەکاتێکدایە کە رژێمی کۆماری ئیسلامیی لەهەوڵێکی نوێی دیپلۆماسی و دەست تێکەلاوکردنە لەگەڵ باقی دوژمنانی تری کورد و دەوڵەتە جۆراوجۆرەکان لە پێناو بێ کاریگەری و کپ کردنی دەنگی ئازادیخوازانەی گەلی کورد. ترافیکی چرِ و پرِی دیپلۆماسی لەنێوان بەغدا، تاران، ئانکارا و دیمەشق و لێدوانە یەك لەدوای یەکەکانی نوێنەرانی ئەم رژێمانە باس لەدارشتنی پیلانێکی نوێی هاوبەش دژ بەگەلی کورد و تێکۆشانەکەی دەکەن. قسە هەڵماڵراو و بێ پەردەکانی موسوی لاری لە تورکیا و ئەلجەعفەری لە تاران و .. تاد، شتێکی بۆ پرسیار و گومان لەمبارەدا نەهێشتۆتەوە. تەنانەت دەست تێکەلاوکردن و پەیمانەکان گەیشتونەتە ئاستێك کە باس لەهاتنە ئارا و بووژانەوەی پەیمانی شوومی لۆزان دەکرێ.

کۆنسێپتی ئاماژەپێکراو سەرەرای سووربوونی دوژمنان لەسەر توانەوەی خەباتی گەلی کورد بەتایبەتی لە ئێران، سەرچاوە لەدوو هەڵوێستی تریش دەگرێت. لە لایەك سازش لەگەڵ زلهێزەکان و رای گشتی و لە لایەکی دیکەشەوە هەڵوێستی ئۆپۆزۆسیۆنی کورد بۆ خۆی. رووداوەکانی ئەم دواییەو دەنگ نەدانەوەی لەمیدیای جیهانی و لەسەرووی هەموویانەوە ئەمریکا، نیشانی دا کە چەند ئەوان بەتەنگ ئازادی و مافەکانی مرۆڤەوە دێن و چەندە بەپەرۆشن بۆ چەسپاندنی هێمنایەتی و دیموکراسی و دەستەواژەی لەمجۆرە. تەنانەت دام و دەزگا مەدەنی و رێکخراوەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ بەو جۆرەی کە پێویست دەکات بەپیر بانگەوازی و هاواری گەلی کوردەوە نەهاتن. تیرۆری هۆڤانە و سووکایەتی کردن بەجەستەی شوانە قادری پاش شەهیدکردنی رووداوێکە کە بەر لەهەمموو شتێك پێویست بوو سازی و دەزگاکانی مافی مرۆڤ راچڵەکێنێ و دنەیان بدات تا ئیدانە و پاشەکشەکردن بەرژێمی ئێران شۆپێنەری دۆسیەکە بن. هەر چی ئۆپۆزۆسیۆنی ئێرانیشە (لێرەدا زیاتر مەبەستم هێزە کوردییەکانە)، هەڵوێست و کاردانەوەیان ئاستی کاردانەوە گشتییەکان تێپەرِ ناکات، خۆ ئەگەر جوداتریش بێت، ئەوا بواری کرداری بە خۆوە ناگرێت و چوارچێوەی رێکخستنی و راگەیاندنی تێناپەرێنێ. بێجگە لەوەی کە پارتی ژیانی ئازادی کوردستان لەمەیدانەکە دایەو جارجارە چالاکی دەنوێنێ.

مانەوە لەچاوەروانی گۆدۆدا و بەستنەوەی هیواو چاوەروانیەکان بەهێزێکی گەورە و رزگاریبەخش، ئەویش لەچوارچێوەی دیرۆکی گەلانی ئێراندا کە پراوپرە لە رەتکردنەوەی هێزە بیانی و داگیرکەرەکان، شیاوی ئەو هەموو خوێن و قوربانییە نییە کە لەسەرووی هەموویانەوە گەلی کورد رشتویەتی و بەتایبەت کە ئەو رزگاریدەرەش خۆی بەجۆرێك دەستی نابێتە بینەقاقای بزاڤی کورد و لەنسکۆو شکستی دا دەستی هەبووبێت. ئەوەی راستی بێ تێکۆشانی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران بەگشتیی جوڵانەوەیەکی چەپ و ئانتی ئیمپریالیست بووە و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ناگونجێت سەرجەم ئومێد و هیواکانی ببەستێتەوە بەو زلهێزە، چونکە پێویستە باش بزانێت ئەگەر ئازادیش دەستەبەر بێت، دەستکەوتی خوێن و رەنجی خۆیەتی نەك هێزێکی حازر خۆر کە بەدەیان ساڵە لەبۆسەی تەقینەوەی بۆرکانی رق و قینی جەماوەرانی وەزاڵەهاتووی ئێراندا بێت. ئۆپۆزۆسیۆنی ئێرانی بەگشتی و هی کورد بەتایبەتی نە تەنیا نابێ باس لەئەگەری دەست تێوەردانی دەرەکی بۆ سەر ئێران بکات و پێی پشت گەرم بێت بەڵکو پێویستە هەموو دەرد و خەمی ئەوە بێت چۆن وا بکات رەنج و خەباتی دەیان ساڵەی بەفیرۆ نەچێت و چۆن بەشێوەیەکی هاوچەرخانە داکۆکی لەدەستکەوتەکانی رابردووی بکات. خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانی خەڵك تەشەنە دەستێنێ و بێگومان تا سەراوەژوو کردنی ئەم رژێمەش بەردەوام دەبێت، هۆکارو هاندەری ئەم جوڵانەوە بەرینە خۆرسکەو وەك چۆن هیچ هێزێکی دەرەکی و بیانی نەیتوانی و نەیەوویست جوڵانەوەیەکی وەها بوروژێنێ، بێجگە لەهێزی خۆییش چ هێزێکی دەرەکی تا پشت و وەکو پێویست نایەوێ و ناتوانێ داکۆکی و پشتگیری لێ بکات.

هەروەك چۆن بەرەی دوژمنانی کورد کە هەست بە مەرگ و دارمان و تیاچوون دەکات، لە هەمیشە پتەوتر و یەکرپزترە، وەهاش بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ـ چ ریزەکانی جەماوەرو چ ئەحزاب و رێکخراوە سیاسییەکەی ـ پێویستییان بەیەکرپزی و یەکگرتن هەیە. ئێستاشی لەگەڵدا بێ، جموجوڵەکان لەو پێناوەدا ناتەواون و هەنگاوی پێویست نەنراوە، گەرچی چەندین جارو لەلایەن هەندێك کەس و رێکخراوەوە، پێشنیاری یەکگرتن و خەبات لەسەنگەرێکی هاوبەشدا دراوە، بەڵام سەرەتا لەلایەن کەس یان لایەنی پێشنیاردەر، دوورەپەرێزی بینراوە. چونکە لۆژیکی زاڵ خۆسەپاندن یاخود ترسی توانەوە بووە لەبۆتەی یەکگرتنێکی هاوبەشدا. هەرە دوایی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (PJAK) بەئیمزای سکرتێری حیزبەکەی بەرێز عەبدوڵرەحمان حاجی ئەحمەدی نامەیەکی ئاراستەی رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کردوە و دەستی هاوکاری و یەکگرتنی بۆ لایان درێژ کردووە. ئەم داوایە لەگەڵ ئەوەی خواست و ئاواتێکی گەورەی جەماوەریشی لەپشتە، شتێك نییە کە نامۆ بێت بەو رێکخراوانەو لەوانەیە بەدەیان جار پێشنیارێکی وەها خرابێتە بەر دەمیان.

ئێستا کەخەڵکی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان، بەردی سەرهەڵدان و هاواری هاویشتۆتە ناو گۆمی مەنگ و بێدەنگی چەند ساڵە و بەمجۆرەش پەیامی بەنەیارانی رژێمی کۆنەپارێزی ئێران بەکورد و غەیرە کوردەوە داوە: ئێوەش هاودەنگ بن لەگەڵمان، دەنا چیتر چاوەرێی هەوڵ و هیممەتی ئێوەش نابین و تاقی تەنیاش بێ، بەچۆکدا نایەین، وا چاکە ئەحزابی رۆژهەڵاتی کوردستانیش وەڵامێکی ئەرێنیی ئەم بانگەوازییە بدەنەوەو جارێکی تر بگەرێنەوە مەیدانی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان. دیارە ئەم هەوڵەش بە یەك دەنگ نابێ، وەك چۆن راپەرینی شاری مەهاباد، تا بۆکان و شنۆ و سنە و کرماشان و سەرجەم شارەکانی لەپشت نەبێ، ناتوانێ لێبراوانە داواکانی بگەیەنێتە سەرکەوتن، لەبەرامبەر چەك و چۆڵ و درندەیی دوژمنیش کە هیچکاممان لێی بێ ئاگا نین، یەکگرتنی حیزبەکان ـ یان هیچ نەبێ پشتگیری کردن لەخەباتی یەکتری ـ مسۆگەرکردنی سەرکەوتن و هاوکات پوچەڵ کردنەوەی پیلانەکانی دوژمنان و وەدیهێنانی خەون و ئاواتی گەلی کوردە لەو پارچەیەی کوردستان.